نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جینین پلاسخارت نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دۆخی سیاسی و ئەمنی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدایان تاوتوێ کرد. بەگوێرەی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا کۆك بوون لەسەر گرنگیی بەڕێوەچوون و سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق، هەروەها جەختیان لە گرنگیی پاراستنی ئاسایشی پرۆسەکە کردەوە و بۆ ئەنجامدانی لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی مادەی 140.

دەربارەی پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا، هەردوولا بە ئەرێنی هەوڵەکان و ڕۆڵی محەممەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراقیان هەڵسەنگاند و هیوایان خواست لە قۆناغی داهاتوودا برەوی زیاتر بە پەیوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت و بە لێکگەیشتن و لەسەر بنەمای دەستوور، کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێن.